ئەمڕۆ لووتكەى ئاگرين لە نێوان يانەى قوە جويە و شوڕتە لە خولى ئەستێرەكان

ئەمڕۆ شەممە لە ديارترين يارى گەڕى 13ى خولى ئەستێرەكانى عێراق بۆ وەرزى ئێستا (2025-2026)، ڕووبەڕووبوونەوەيەكى ئاگرين ڕوودەدات، كە كاتژمێر5:30 خولەكى پاشنيوەڕۆ لە ياريگاى ديالە، يانەى قوە جەويە ڕووبەڕووى يانەى شوڕتە دەبێتەوە.

كاتژمێر 3:00ى پاشنيوەڕۆ ياريگاى زەورا ميواندارى يارى نێوان تيپى خاوەن ياريگا و هەولێرى ميوان لە باكورەوە دەكات، ياريگاى دهۆكيش شاهيدى يارى نێوان دهۆك و ديالە لە كاتژمێر 5:30 ى پاشنيوەڕۆ دەبێت.

يانەى هەولێر بە كۆكردنەوەى 30 خاڵ پێشەنگى خولى ئەستێرەكانى گرتووە، دواى ئەويش هەريەكە لە يانەى شورتە و قوە جەويە بە كۆكردنەوەى 24 خاڵ، دواتريش يانەى گەڕمە بە كۆكردنەوەى 23 خاڵ لە پلەى دووەمدايە.